# زیادبوونی ئاڵۆگۆڕی بازرگانی و وەبەرهێنانی چین لە عێراق؛ مەترسی یان دەرفەت؟

18-02-2024

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** ساڵ بە ساڵ ئاڵۆگۆڕی بازرگانی چین لەگەڵ عێراق رووی لە هەڵکشان بووە، بەمدواییەش گەیشتووەتە نزیکەی 50 ملیار دۆلار، کە زیاتر لە دوو لەسەر سێی هەناردەی عێراق بووە بۆ چین. لە بەرامبەریشدا، چین لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا بە بەراورد بە وڵاتانی دیکەی دراوسێی عێراق زۆرترین وەبەرهێنانی لە کەرتی وزە و خانووبەرەی عێراق کردووە.

## بەرایی

ساڵ بە ساڵ ئاڵوگۆڕی بازرگانی چین لەگەڵ عێراق رووی لە هەڵکشان بووە، بەمدواییەش گەیشتووەتە نزیکەی 50 ملیار دۆلار، کە زیاتر لە دوو لەسەر سێی هەناردەی عێراق بووە بۆ چین. لە بەرامبەریشدا، چین لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا بە بەراورد بە وڵاتانی دیکەی دراوسێی عێراق زۆرترین وەبەرهێنانی لە کەرتی وزە و خانووبەرەی عێراق کردووە.

لەڕووی ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە، لەنێو وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا و تەنانەت وڵاتانی عەرەبیش لەم ناوچەیەدا، عێراق پێشتر لە دواوەی ریزبەندییەکە بووە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا بووەتە یەکەمین هاوردەکار و سێیەمن هەناردەکار بۆ چین.

هەروەها، لەڕووی وەبەرهێنانەوە لە عێراق، چین پێش وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی عەرەبی، تورکیا و ئێران کەوتووە. لەڕووی پرۆژە و سەرمایەوە تاوەکو 2023 سەروو 34.2 ملیار دۆلار وەبەرهێنانی کردووە.

ئەم هەڵکشانی ئاڵوگۆڕی بازرگانییە و زیادبوونی وەبەرهێنانی چین لە کەرتی وزە و خانووبەرە لە عێراق وایکرد ساڵی 2019 حکومەتی ئەوکاتی عێراق 8 رێککەوتن و یاداشتنامە لەگەڵ چین واژۆ بکات، بەتایبەتیش لەبواری پەیوەندی بازرگانی و بنیاتنانی ژێرخانەوە، کە بەمدواییە دەست بە جێبەجێکردنیان کراوە.


ئێستا، ئەم پەیوەندییە هەم دەرفەت و هەم مەترسی گەورەی ئابووری بۆ عێراق تێدایە، چونکە ئابووری جیهان پەیوەستە بە ئابووری چینەوە، چ جای ئابوورییەکی پشتبەستوو بە داهاتی نەوت و کرێخۆری وەک عێراق. هەربۆیەش هەر گۆڕانێک لەو ئابوورییەدا، گۆڕانی گەورەش لە ئاڵوگۆڕ و وەبەرهێنانە چینییەکە لە عێراق دەهێنێت.

## ئاڵوگۆڕی بازرگانی و وەبەرهێنانی چینی لەگەڵ عێراق

بەپێی داتاکانی سەنتەری بازرگانی نێودەوڵەتی ITC ساڵی 2023 ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان چین و عێراق 49.7 ملیار دۆلار، کە 14.3 ملیاری هەناردەکردنی چین بۆ عێراق و نزیکەی 35.4 ملیار دۆلاریش هەناردەی عێراق بووە بۆ چین.

هەروەها، لەماوەی پێنج ساڵی رابردوو، بە وردبوونەوە لە داتاکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان چین و عێراق شتێکی سەرنجڕاکیش ئەوەیە، ساڵ بە ساڵ هەناردەی چین بۆ عێراق لەڕووی جۆری کاڵا و سەرمایەوە بەردەوام زیادی کردووە و گەیشتووەتە سەرووی 100 جۆری سەرەکی کاڵا و کەلوپەل، بەڵام هەناردەی عێراق بۆ چین بەرزی و نزمی زۆری بەخۆوە بینیوە، چونکە هەناردەکردنەکەی هەمەچەشن نەبووە و رێژەی سەروو 95% هەناردەی عێراق بۆ چین نەوت و مشتەقاتەکانی بووە.

گرافیک 1 : قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان چین و عێراق لە نێوان ساڵانی 2019-2023


هەناردەی چین بۆ عێراق (هەزار دۆلار)
هاوردەی چین لە عێراق (هەزار دۆلار)
جیاوازی ئاڵوگۆڕی بازرگانی چین و عێراق (هەزار دۆلار)
40,000,000
35,000,000
30,000,000
25,000,000
20,000,000
15,000,000
10,000,000
5,000,000
0
هەزار دۆلار
9,461,323
23,927,337
14,466,014
10,922,540
19,303,766
8,381,226
10,689,813
26,647,232
15,957,419
13,989,337
39,384,746
25,395,409
14,351,625
35,429,661
21,078,036
2019
2020
2021
2022
2023
Values
ساڵ

سەرچاوە: ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گومرگی چین GCACS و ITC


هەروەها، لەڕووی وەبەرهێنانەوە، بەردەوام کۆمپانیا چینییەکان کە زۆربەشیان کۆمپانیای دەوڵەتن شوێنپێی خۆیان لە کەرتی وزە و خانووبەرە لە عێراق فراوانتر دەکەن. بۆ نموونە لەو پرۆژانەی چین لە عێراق ئەنجامیان داوە، 41 لە بواری وزە بووە کە 31 دانەیان لە کەرتی نەوتی بووە، کە دوایین دانەیان جێگرتنەوەی کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل بوو لە یەکێک لە گەورەترین کێڵگە نەوتییەکانی عێراق (ویست قۆڕنە -1).

لەماوەی دوو دەیەی رابردوو، گەشەی خێرای ئابووری چین و وەبەرهێنانی چین لە جیهان دا بەشێوەیەکە کەوا گەیشتووەتە سەروو 2.4 تریلیۆن دۆلار، واتە نێوەی ئابووری ئەڵمانیا کە چوارەم گەورەترین ئابووری جیهان بووە لەساڵی 2023دا. ئەم زیادبوونەی وەبەرهێنانی دەرەکیی چین لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە هەمان ماوەدا گەیشتووەتە 250.3 ملیار دۆلار  کە رێژەی 13.6% یان 34.2 ملیار دۆلار ی لە عێراق بووە.

راستییەکی دیکەش ئەوەیە کەوا وەبەرهێنانی چین لە عێراق پەیوەستە نەبووە بە دۆخە نیوخۆییەکەی عێراقەوە وەکو لە ژمارەکاندا دەردەکەوێت، بەڵکو بەردەوام رووی لە هەڵکشان و زیادبوون بووە، لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا ساڵانە بەردەوام لە نیو ملیار دۆلار کەمتر نەبووە و، بگرە زیاتریش بووە و ساڵ هەبووە گەشتووەتە سەروو 8.5 ملیار دۆلار.

هەروەها، وەبەرهێنانی چینی بە بەراورد بە وڵاتانی دراوسێ عێراق لەم ناوچەیە دا و، هەرچەندەش چین دوو ساڵ دواتر وەبەرهێنانی لە عێراق دەستپێکردووە، بەڵام لەڕووی ژمارەی پرۆژە و  سەرمایەشەوە پێش هەموویان کەوتووەتەوە وەکو لە گرافیکی دووەمدا هاتووە.

گرافیک 2: وەبەرهێنانی چین لە تورکیا، سووریا و ئێران و عێراق لەنێوان ساڵانی 2005-2023




سەرچاوە: تراکەری وەبەرهێنانی جیهانی چین 10-02-2024، CGIT

## کۆتایی

هەڵکشانی پەیوەندییە بازرگانییەکان و زیادبوونی وەبەرهێنانی چینی لە عێراق لەم ساڵانەی دواییدا بەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردانە پێنج رۆژییەی عادل عەبدولمەهدی و شاندی عێراقی کە واژۆی 8 یاداشتنامە و رێککەوتن لەگەڵ چین تێدا ئەنجامدرا، کەو ئەوکات لەڕووی ژمارەوە، ئاماژە بە تەرخانکردنی 10 ملیار دۆلار یان پێدانی 100 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە لەلایەن عێراقەوە بە چین بۆ جێبەجێکردنیان دەکرا. هەروەها، سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی عێراق لەکاتی گەڕانەوەیدا گوتی یاداشتنامە و رێککەوتنامەکان لەگەڵ چین بوارەکانی دارایی، بازرگانی، ئاسایش، بنیاتنانەوە، پەیوەندییەکان و تەکنەلۆژیا، پەروەردە و کاروباری دەرەوە" دەگرێتەوە.

هەرچەندە ڕووداوەکانی ساڵی 2019 و ساڵانی دواتر لە عێراق وایکرد کەوا بەکرداریی یاداشتنامە و ڕێککەوتنەکان نەچنە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام کابینەکەی سوودانی بە ڕاگەیاندنی دەستکردن بە دروستکردنی 100 قوتابخانە لە لایەن چینەوە بەشێکی ڕێککەوتنەکەی خستنە بواری جێبەجێکردنەوە و ئەمساڵ یەکەمین قوتابخانەی لەو 1000 قوتابخانەیەی کە لەلایەن چینەوە دروستدەکرێت لە ناسریە بەفەرمی کردەوە.

لەڕاستیدا ئەم پەیوەندییە ئابوورییە 80 ملیار دۆلارییە، کە نزیکەی 50 ملیار دۆلاری ئاڵوگۆڕی بازرگانی و 30 ملیار دۆلاری وەبەرهێنانی چین بووە لە عێراق، ئەمەش سەرەڕای دابینکردنی دەیان جۆری خزمەتگوزاری دیکە لە لایەن کۆمپانیا چینییەکانەوە بۆ عێراق بەتایبەتیش لە کەرتی نەوت، دوو مەترسی و سێ دەرفەتی بۆ عێراق لێی چاوەڕواندەکرێت:

مەترسی یەکەمیان: جێگەی مەترسییە بەهۆی نەبوونی فرەچەشنی لە هەناردەکردنی کاڵای عێراقی بۆ چین کە تەنیا نەوتی خاوە، هەربۆیەش ئەگەر چین بازاڕێکی یاخود نەوتێکی هەرزانتر بدۆزێتەوە ئەوا یەکسەر ئاڕاستەکەی دەگۆڕێت وەکو ئەوەی ساڵی ڕابردوودا ڕوویداوە هەناردەی نەوتی خاوی عێراق بۆ چین بەڕێژەی 9.4% کەمیکرد، بەڵام چین سەتان کاڵای جیاواز هەناردەی عێراق دەکات و بەردەوامیشە لە هەمەچەشنکردنی هەناردەکراوەکانی.

مەترسی دووەمیان: پەیوەستبوون و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ وڵاتێکی گەورەی وەک چین کە لێکەوتەی گەورەی لەسەر ئابووری جیهان هەیە، هەربۆیەش هەر خاوبوونەوەیەک لە گەشەکردنی ئابوورییەکەیدا ڕووبدات ئەوا کاردانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر عێراق دەبێت بەهۆی هاوردەکردنییەوە. بۆ نموونە چاوەڕواندەکرێت لە ئەمساڵ و ساڵانی داهاتوودا گەشەی ئابووری چین ڕوو لە داکشان بێت، وەک لە 2024 ڕێژەکە 4.6% و لە 2028دا بێتە 3.5%.

هەروەها، ئەو سێ دەرفەتەی ئەم پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییە دەخاتە بەردەم عێراق بریتییە لە:

یەکەمیان، دەرگایەکی نوێ بۆ عێراق بۆ مامەڵکردن بە دراوێکی دەرەوەی دۆلار دەکاتەوە و، دەبێتە فریادڕەسێک بۆ داهاتی یەک لەسەر سێ نەوتی فرۆشراوی عێراق بە یوان چینی، بەمشێوەیە ئەو فشارەی ئەمریکا بۆ گەڕاندنەوەی داهاتی عێراق کەمتر دەکاتەوە.

دووەمیان، عێراق دەتوانێت سوود لە ئەزموونێکی نموونەی وەک چین لەڕووی خێرا گەشەکردنی ئابووری و گەشەکردنی بەرهەمی نێوخۆیی GDP و بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەوە وەربگرێت.

سێیەمیان، چین دەستی کاری هەرزان و دابینکردنی ئامێر و تەکنەلۆژی و کەلوپەلی ئەلیکترۆنی هەیە، کە عێراق دەتوانێت سوودی لێوەربگرێت بۆ بنیاتنانی ژێرخانی وڵات لە هەموو کەرتە جیاوازەکاندا بەتایبەتیش گواستنەوە، بنیاتنانی ڕێگەوبانەکان، دروستکردنی باڵەخانە و نەخۆشخانە و قوتابخانە و هتد، کە ئێستا عێراق نەک پێویستییەکی زۆری پێیەتی بەڵکو بەدەست نەبوونی ئەم پێداویستییە سەرەکیانەوە دەناڵێنێت.